# ڕێسای (١٧) بڕگەیی لە هایکۆی کوردی و زمانەکانی دیکەدا

**ملکۆ ئەحمەد**

**(زانکۆی گەرمیان - کۆلێژی پەروەردە)**

هەرچەندە ئێمەی کورد دەقی زۆرمان هەیە بە سیستمی حەڤدە بڕگەیی نووسراون و بەتەواوەتی لەسەر فۆرمی کلاسییە ژاپۆنییەکەن، بەڵام دەرخستنی ئەو ڕاستییەی کە هایکۆی زمانەکانی تر لە زۆر ڕووەوە جیاوازن لە هایکۆی ژاپۆنی، ئەوەش پەیوەستە بە شێوە و ناوەرۆکەوە، چونکە ڕێسا عەرووزییەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی دەگۆڕێن، بۆیە زۆر ئەستەمە هایکۆنووسێکی ئینگلیززمان بتوانێ بەهەمان شێوەی هایکۆنووسێکی ژاپۆنی بنووسێ- لێرەدا مەبەستمان لە سیستمی بڕگەییە- شاعیرە ئەمریکییەکان هەر زوو خۆیان لە سیستمی (٥-٧-٥) ڕزگارکرد و تەنیا دەستیان بە شێوازی سێ دێڕییەوە گرت، بۆ نموونە هایکۆیەکانی شاعیری هاوچەرخی ئەمریکی (چەک بریکلی- Chuch Brickley) نەکەوتوونەتە سەر سیستمی بڕگەبەندیی ژاپۆنی:

**ئۆتۆمبیلێک**<br>
**لە قەراغی کۆردەرەکە**<br>
**کاکێشان** (١)

لەو دەقەی سەرەوە بڕگەکان بەم چەشنە بەسەر هەر سێ دێڕەکەدا دابەشبوون (٢-٤-٤) لە دەقێکی دیکەی (ڕۆبێرت هـ. زوکۆوسکی-)دا دابەشبوونی بڕگەکان (٣-٥-٤)ـە

**بارانی نیسان**<br>
**ناوەکە سڕاوەتەوە**<br>
**لەسەر کێلی قەبرەکە** (٢)

ئەو نموونانەی سەرەوە بەڵگەن لەسەر هەبوونی جیاوازی لە ژمارەی بڕگەی بەکارهاتوو لەهەردوو زمانی ئینگلیزی و ژاپۆنیدا، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی سروشتی ئەو

دوو زمانە، هەر بۆیە (کیکۆ ئیماوۆکا- Keiko Imao-ka) کە دەیەوێ ئەم جیاوازییە بخاتە ڕوو، دەڵێ:
«دوای تێپەڕبوونی چەندان ساڵ، شاعیرانی هایکۆ لە ئەمریکای باکووردا بۆیان دەرکەوت کە ١٧ بڕگە لە زمانی ئینگلیزیدا زانیاری زیاتر هەڵدەگرێ وەک لە ١٧ بڕگە لە زمانی ژاپۆنیدا، هەر بۆیە هایکۆیەکانیان بە ژمارەیەکی کەمتر لە بڕگە دەنووسن، بە زۆری شێوازی (کورت-درێژ-کورت) بەکاردێنن بەبێ ئەوەی ئەم تەکنیکە ببێتە چێوەیەکی نەبەزیو، هەربۆیە ناوی هایکۆی ئازادی لێ نراوە»

هەربۆیە ئیماوۆکا بۆ هایکۆی ئینگلیزی پێشنیازی یازدە بڕگە، لە جیاتی حەڤدە بڕگە ژاپۆنییەکە دەکات، چونکە بڕگەکان لە زمانی ژاپۆنیدا بەراورد بە زمانی ئینگلیزی کورتترن، هەر بۆیە دەشبێ لە هایکۆی کوردیشدا ژمارەی بڕگەکان گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، چونکە بڕگە لە زمانی کوردیدا، یان ڕاستتر بێژین وشەی کوردی لەوشەی ئەو دوو زمانە درێژترە و بڕگەی زۆرترە، بۆ نموونە: ئەگەر عەرەبێک بێژێ (ق) کوردێک ئێژێ: (بپارێزە) وشە عەرەبییەکە کە لە هەمان کاتتدا یەک پیتە و حیسابی وشەی بۆ دەکرێ دەبێتە (نیو بڕگە) چجا بڕگەی تەواو!، بەڵام وشە کوردییەکە دەبێتە (ب/ پا/ ڕێ/ زە)، واتە: چوار بڕگە، ئەمەیە سرووشت و تایبەتمەندی هەر زمانێک لە زمانەکانی دنیا، نموونەی هایکۆ لە زمانی ئینگلیزیدا:

**A car**
**At the cliffs edge**
**The Milky Way**

**ئۆتۆمبیلێک**
**لە قەراغی کۆردەرەکە**
**کاکێشان**

وەک دەبینین لە دەقە ئینگلیزییەکەدا ژمارەی بڕگەکان (٢-٤-٤)ـە، بەڵام ئەگەر کوردێک ئەم هایکۆیەی نووسیبا؛ ئەوە دبووە (٤- ٨- ٣)، کۆی بڕگەکان لە دەقە ئینگلیزییەکەدا تەنیا (١٠) بڕگەیە لەکاتێکدا کۆی بڕگەکانی دەقە کوردییەکە (١٧) بڕگەیە، بۆیە من ئەم پێشنیارانە دەخەمە بەردەم هایکۆنووسانی کوردزمان:

١- کۆی بڕگەکانی هەر دەقێک بە هەر سێ دێڕەکەوە بگاتە (١٧) بڕگە.

٢- کۆی وشەکانی دەق (١٧) وشە بێ.

٣- وەکو فۆرمە ژاپۆنییەکە سیستمی (٥- ٧- ٥) بەکاربرێ.

٤- یان پاش و پێش کردن لە ڕیزبەندییە ژاپۆنییەکە، نموونە (٥-٥-٧) یان (٧-٥-٥).

٥- ئەگەر سیستمی (١٧) بڕگەیی بەکارنەبرا، ئەوە بەناچاریی واقوڕمان بخرێتە دێڕی کۆتاییەوە، واتا: تەکنیکی واقوڕمان ببێتە هۆکاری ئەوەی دەقەکە وەک هایکۆ لە دەقەکانی تر جیابکرێتەوە.

دانانی مەرجی نوێ بۆ هایکۆ وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ مەرجە ژاپۆنییەکان شتێکی تازە نییە، ئەوەتا ژنە شاعیر و ڕەخنەگری بەناوبانگی ئەمریکی (جەین ڕیچهۆڵد- Jane Reichhold) لە وتارێکیدا (٦٥) ڕێسای نوێ بۆ ئینگلیززمانەکان پێشنیاز دەکا بۆ ئەوەی ببنە خاوەن پانتاییەکی فراوانتر و زیاتر ئازادبن لە نووسینی هایکۆدا، ئەمانەش هەندێکن لەو ڕێسا پێشنیازکراوانە:

١- ١٧ بڕگە لە یەک دێڕدا.

٢- ١٧ بڕگە لە سێ دێڕدا.

٣- ١٧ بڕگە لە سێ دێڕدا و بە سیستمی (٥-٧-٥) زنجیرەیان بەستبێ.

٤- لە ١٧ بڕگە کەمتر دابەشبووبێ بەسەر سێ دێڕی (کورت - درێژ- کورت)دا.(٤)

**پەراوێزەکان:**

**1- Ross,Bruce(ed).Haiku Moment: An Anthology of Contemporary North American Haiku. Tokyo: Tuttle Company, 1993: 22**

**٢- هەمان سەرچاوە: ٣٤٤**

**4- Imaoka, Keiko."Forms in English Haiku" WWW.Haiku Poets Hut.com"**

**٤- شعر الهايكو الياباني وامكانياته في اللغات الاخرى: حمدي حميد الدوري، دار الابداع، تكريت، ط١، ٢٠١٨: ٧٠.**